# ماڵ ئاوایی

هەورازی کوورِ: پشتی شاخێکی بە عومرە

بۆ پێشمەرگە دانەویوە

ئێوارەیە

ڕێچکەو ریزی یەک لەدوای یەک

بەرەو بناری ئەودیو

دەنگ: هەر پڕمەی

وڵاخێکەو، وردە بەردو زیخی ژێر پێ

بێ دەنگ.. بێ دەنگ

بەسەر پەیژەی دانە بەردا

ئەم کاروانە کڕوماتە سەر ئەکەوێ

بەسەر پشتی وڵاخەکەی پێشەنگەوە

تەرمی شەهید

دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی

-هۆ بنچکی قژ خۆڵاویی

ئەمە زامێکی تازەیەو لێ ی نەکەوی.

ئێوارەیە.

خۆر وێنە کێشێکە لاواز

دەستی دوا تیشک درێژ ئەکاو

بە ئاستەمێ

زەردە.. ڕەنگێ

ئەدا لە لوولەی تفەنگو

یاڵی خوێناویی وڵاخو

ئینجا ئیتر چاو لێک ئەنێ

-هۆ شەماڵی تۆزێ بزیو!

پەلە مەکەو ئاگات لێ بێ

ئەمە زامێکی تازەیەو

با کاکۆڵو قژی ڕەشی نە ئاڵۆزکێ

ئێوارەیە

وا لوتکە چەتری هەورێکی زۆر بەنزمی

لەسەر سەری خۆی هەڵ داوە

-هۆ لوتکەی بەرز!

ئەوا ئیستە ئەگەنە لات

مل هەڵبڕەو بەو هەورە تەنیایە بڵێ

کە گەیشتنە سێبەرەکەی

نمە.. نمە.. با بباریێ

مل هەڵبڕەو سووک پێی بڵێ

شەهیدێکیان لە گەڵدایە

ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی

لەوێ ئەنوێ

سووک پێی بڵێ

شەهیدێکە زۆر تینویەتیو ئاوی ئەوێ.

1982